## محەمەد ئەمین پێنجوێنی

# ئۆجەلان پێیوت
# بکەن دەبێت س

دیداری یاسین عومەر

بەشی دووەم و کۆتایی

**محەمەد ئەمین پێنجوێنی، شاعیرو رۆژنامەنووس‌و سیاسەتمەدارێکی کوردە. هاوکارو لایەنگری پەکەکەیە، ماوەی پانزە ساڵ سەرۆکی ئەنستیوتی کورد بووە لە بەرلین لە ئەڵمانیا، ئەندامی کۆنگرەی نەتەوەیی‌و پەرلەمانی کوردستانە لە مەنفا، یەکێك بووە لەوانەی کە لە کردنەوەی تەلەفزیۆنی میدیادا رۆڵێکی بنەڕەتی هەبووە، ئێستا دانیشتووی سلێمانییەو خەریکی نووسینەوەی یاداشتەکانی خۆیەتی، پەیوەندییەکی پتەوی لەگەڵ پەکەکەدا هەیەو ئێستاش -بە وتەی خۆی- ئاپۆ لە رێگەی پارێزەرەکانییەوە سڵاوی بۆ دەنێرێت.**
**لڤین لەسەر رەوشی هەنووکەیی پەکەکەو کێشەکانی‌و داهاتووی ئەم هێزە کوردییەی باکوور، گفتوگۆیەکی لەگەڵدا کردووە، لەم گفتوگۆیەدا پێنجوێنی بەڕاشکاوییەکی تەواوەوە وەڵامی پرسیارەکان دەداتەوەو ئەوەشی جێی سەرنجە ئەوەیە کە پێنجوێنی زۆر بێلایەنانە مێژوویەکی نزیکی پەکەکە هەڵدەسەنگێنێت‌و لە چوارچێوەی وەڵامەکانیدا هەڵەکانی ئەو هێزە ئاشکرادەکات...**



**● لڤین: با بێینە سەر پەیوەندی پەکەکە بە حزبەکانی کوردستانی باشوورەوە، خۆت دەزانیت کە پەکەکە هەم لەگەڵ یەکێتی‌و هەم لەگەڵ پارتیشدا بەیەکەوەو بەجیاجیاش شەڕی کردووە، دوای ئەوەش هەر پەیوەندییان باش نەبووە، با ئێستا بپرسم پەیوەندی نێوان پەکەکەو دەسەڵاتی کوردی لە هەرێمی کوردستانی باشوور چۆنە؟**

**محەمەد پێنجوێنی:** من دەمەوێت کەمێك لەسەر شەڕی نێوان پەکەکەو ئەم حزبانەی کوردستانی باشوور بوەستین، چونکە من هەر لە سەرەتاوە ئاگاداری ئەو شەڕە بووم‌و وەك خێرخوازێك لەنێوان پەکەکەو ئەم هێزانەدا بووم، لە شەڕی 1992و شەڕەکانی تریشدا. من لە هەموو ئەو شەڕانەدا لەبەینیاندا بووم‌و شایەتیشم سەرکردەکانی هەردوو حزبەکەیە، بەڕێز مام جەلال و بەڕێز کاك مەسعود. زۆرمان هەوڵدا تا شەڕ نەبێت، بەڵام ئاخرییەکەی هەر شەڕ روویدا. لە شەڕی پەکەکەو هێزەکانی باشووردا هەمووان گوناهبارن، هەم حزبەکانی کوردستانی باشوور و تاڕادەیەك پەکەکەش خەتابارە.

**لڤین: هەمووان چۆن خەتابارن؟ تکایە بۆم روونبکەرەوە؟**

**محەمەد پێنجوێنی:** کە پەکەکە لەدوای راپەڕینەوە هاتە کوردستانی باشوور، هێزێکی زۆری لەخۆی کۆکردەوە. من خۆم یەکێك بووم لەوانەی کە پارتی ئازادییم هەبوو. حزبەکانی کوردستانی عێراق کاتێك بینیان ئەو هەموو خەڵکە لە پەکەکە کۆبوونەوەتەوە ترسیان لێنیشت‌و کەوتنە پانکردنەوەو تەحجیمکردنی پەکەکە، بەم تەحجیمکردنەشەوە نەوەستان‌و ترسەکەیان وایلێکردن کە شەڕ لەگەڵ پەکەکە رابگەیەنن، ترسەکە وایلێکردن پەرلەمان کۆبکەنەوەو پەرلەمان بڕیاربدا کە بڕۆن بیانکوژن،

# ـم ئەگەر ئەم کوڕو کچانە بخۆنەوە و زەواج
# ـەربازگەکە بکەمە دایەنگا

بەداخەوە دەڵێم یەکەم بڕیاری پەرلەمانی کوردستانی خۆمان، بڕیاری شەڕکردن بوو لەگەڵ پەکەکە، بە ئاوارتەی یەکێك یان دووان لە ئەندام پەرلەمانەکان کە بەو بڕیارە رازینەبوون.

**لڤین: من ئەوکاتە هەرزەکار بووم، بەڵام باشم لەبیرە کە پەکەکە ئەوسا زۆر ئیستیفزازییانە مامەڵەی دەکرد، بەشێوەیەک کە من لە دەمی کادرێکیانەوە کە ئەوکات لە پلاتفۆرمی نەتەوەیی کاریدەکرد بیستم کە ئەم هێزانەی باشوور خیانەتکارن‌و دەبێت لەناوببرێن، بەهەمانشێوەش ئاپۆ لە زیاد لە بۆنەیەکدا ئیستیفزازی ئەم هێزانەی کرد، ئایا ئەم مامەڵەیەی پەکەکە نەبووە هۆی ئەو شەڕە؟**

محەمەد پێنجوێنی: دیارە شۆڕشی کوردی لە کوردستانی باشوورەوە دەستپێدەکات، کوردی باشوور خاوەنی نزیکەی یەك ملیۆن شەهیدەو خاوەنی چەندین سەرکردەی لێهاتووی وەك شێخ مەحمودە، ئیستیفزازکردنی ئەمە شتێکی زۆر هەڵەبوو کە پەکەکە کردی، بەڵام ئەوان یەکەمجار ئەمەیان نەکرد، ئەوان عەقڵیەتێکیان هەبوو، کوردستانی سوریایان خستبووە ژێردەستی خۆیانەوە بەهەموو رێکخستن‌و خەڵکەکەیەوەو بەکاریاندەهێنا بۆ ئەو شۆڕشەی کە ئەوان لە باکوور پێیهەستابوون. لێرە دوای راپەڕین فەوزابوو، تازە هێزەکان هاتبوونە خوارەوەو هێشتا خەڵکی بەمشێوەیەی ئێستا رێکنەخرابوون، بۆیە تەمحیان هەبوو کە ئەم خەڵکەی ئێرە بۆ شۆڕشی رزگاریخوازی لە باکوور تەییاربکەن، بەڵام من کە چوومە ئەوێ بۆ لوبنان کە ئەوکاتە ئەکادیمیایەکیان هەبوو، لەوێ وتارێکیان پێدام‌و لە بۆنەیەکیشداو بەدەمییش ئەوەم لە ئاپۆ گەیاند کە کوردستانی عێراق بە تۆ قوت نادرێت‌و هەوڵبدە سوود لە کوردستانی باشوور وەربگریت وەك بنکەیەك، بەڵام ئەو کادرانەی ئەوان کە لێرە بوون‌و خودی پەکەکەش خۆی تەمحی لەمە زیاتربوو، دیارە ئەوکات لێرە بوارێکی ناهەموار هەبوو، کە بینیان خەڵك لێیان کۆدەبێتەوە، غرور گرتی‌و تەماعیان کردە ئێرە، هەر ئەو غرورەش وایلێکردن کە شەڕ بکەن، دیارە ئەمان شەڕیان پێفرۆشت‌و ئەوانیش ئامادەیی شەڕکردنیان هەبوو. من لەوکاتەدا خۆم چووم بۆ خواکورك‌و سەرکردەکانی ئەوێم بینی‌و تێمگەیاندن کە ئەگەر شەڕ رووبدات، دەرەنجامەکەی باش نابێت، بەڵام ئەوان غرورێکیان هەبوو، باوەڕیان وابوو گەر شەڕ رووبدات سەرکەوتنی تیا بەدەستدەهێنن، ئەو غروورو تەماعەی ئەوان‌و ئەم ترسەی حزبەکانی باشووریش لەوان شەڕەکەی دروستکرد، بەڵام ئەمە خاڵێکیەتی، خاڵی هەرە گەورە لەم مەسەلەیەدا یارمەتی تورکیاو ئێران بوو بۆ هێزەکانی ئێرە، تورکیا بە هەلی زانی کە پەکەکە لەگەڵ کوردی عێراقدا ببێتە شەڕیان...

**لڤین: واتە تورکیا مقاشێکی دەستکەوت؟**

محەمەد پێنجوێنی: مقاشێکی دەستکەوت، لە هەرلایەك بکوژرێت، لەملا بێت یان ئەولا، لە بەرژەوەندی ئەوانەو تورکیا دەیویست شەڕی کوردی باشوورو باکوور دروستبکات، شەڕی نێوان سۆران‌و بادینان دروستبکات، ئەو شەڕەی نێوان پەکەکەو هێزەکانی باشوور شەڕێك بوو کە تائێستاش هەردوولا (کوردی باکوورو باشور)یش باجەکەی دەدەن.

**لڤین: ئێستا پەیوەندییەکە چۆنە لەنێوان هەردوولادا؟**

محەمەد پێنجوێنی: ئێستا پەیوەندییەکان زۆر باشن، هێزی کوردستانی باشوور بە یەکێتی‌و پارتی‌و هێزەکانی تریشەوە گەیشتوونەتە ئەو باوەڕەی کە نەمانی پەکەکەو لاوازبوونی هێزەکەی لە بەرژەوەندی ئەواندا نییە، چونکە تورکیا هەموو رۆژێك هەڕەشەدەکات‌و دەڵێت کەرکوك هی ئێمەیە، هەڕەشەدەکات کە نابێت دەوڵەتی کوردی لە باشووری کوردستان هەبێت، نابێت فیدراڵی دروستبێت، هەموو رۆژێك ئەو حکومەتە هەڕەشەدەکات‌و لەگەڵ ئێران‌و سوریاو وڵاتانی تریشدا لە کۆششدایە تا فیدراڵیەتێکی نیمچەسەربەخۆیی لە عێراقدا بەرپانەبێت، دیارە تەنها شتێك کە بتوانێت تورکیا ئیستیفزازبکات‌و بەرامبەر بە هێزە عەسکەرتارییەکەشی بوەستێت، پەکەکەیە. ئەوان گەیشتوونەتە ئەو باوەڕە.

**لڤین: بەڵام ئەگەر پارتی چارەسەر بە واجیبەی پەکەکە دابنێین لە کوردستانی باشوور، بینیمان لەو ماوەیەدا لە هەردوو دەڤەری هەرێمی کوردستان تووشی تەنگپێهەڵچنین‌و بارەگاداخستن‌و راوەدوونان بوونەوە، ئەمە واتای چی دەگەیەنێت؟**

محەمەد پێنجوێنی: پارتی چارەسەر” پارتێکی کوردستانییە لە باشوور، ناڵێم خەڵکی باکووریان تیا نییە، بەڵام سەرۆکەکەیان‌و



ڕێکخستن‌و لایەنگرەکانیان زۆربەیان کوردی باشوورن، من خۆم مومکینە گلەییم لە هەندێك هەڵسوکەوتی پارتی چارەسەر هەبێت، بۆ نموونە هەندێکجار زۆر تیژڕەوانە بیردەکەنەوە بەرامبەر بە ئێرەو لەمبارەیەوە قسەشم لەگەڵ کردوون، من پێموتوون ئێوە لە واقیعێکدان‌و دەبێت ڕەچاوی ئەو واقیعە بکەن، ئێوە لە کوردستانی عێراقدان، لە سلێمانی یەکێتی باڵادەستەو لە هەولێریش پارتی، پێویستە موراعاتی وەزعی سیاسیی ئەم دوو هێزە بکەن تا بتوانن خەباتی سیاسیی خۆتان بکەن. منیش لەگەڵ ئەوەدام پێویستە ئەوان ڕەخنە بگرن بەڵام نابێت بگاتە ئەوەی ئەمان لێرە بریندار بکرێن، ئەمان هێزن" کە بریندار بوون قبوڵی ناکەن، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە ئەوان بەو هۆیەوە (واتە بەهۆی تێکچوونی پەیوەندییان بە پارتی چارەسەرەوە) لەگەڵ هێزێکی وەك پەکەکە پەیوەندی بپچڕێنن.

**لڤین: بەڵام من هێشتا لە ئاساییبوونەوەی ئەو پەیوەندییانە دڵنیا نیم، لە سەردانێکیدا بۆ بەریتانیا نێچیرڤان بارزانی بۆ کەناڵەکانی میدیا دواو وتی پەکەکە پارتێکی تێرۆریستەو ئێمەش وەک هێزێکی تێرۆریست مامەڵەی لەتەکدا دەکەین، ئەی ئەمە واتای چییە گەر پەیوەندییەکان زۆر باشە؟**

محەمەد پێنجوێنی: بێگومان پەکەکە پێیاناخۆشە کوردێك ئەوەیان پێبڵێت، پێیاناخۆشە چ جەنابی کاك نێچیر چ جەنابی کاك مەسعود ئەوە بڵێت یان هەر کوردێکی تر بیلێت، بەڵام ئەو پێناخۆشبوونە ناکاتەوە ئەوەی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ کوردی باشوور ئاڵۆزبکەن، سیاسەتمەدارانی کوردستانی باشوور پێڕەوی سیاسەتی گشتی ئەوروپی دەکەن یاخود نایانەوێت لەو چوارچێوەیە دەربچن، چونکە هەتا ئێستاش پەکەکە لە لیستی تیرۆردایە لای ئەمریکیی‌و ئەوروپییەکانیش. بێگومان ئەمەش (بە تیرۆریست حسابکردنی پەکەکە) بۆ ڕازیکردنی دڵی تورکیاو ئەمریکییەکانە، ئەگەر سبەی تورك‌و ئەمریکی‌و ئەوروپییەکان بڵێن پەکەکە تێرۆریست نییە، ئەمانیش دەڵێن پەکەکە تێرۆریست نییە. هەرچەندە نابێت بیرمان بچێت هەندێك سەرکردەی کورد لە زۆر شوێندا هەڵوێستیان هەبووەو ڕەتیانکردۆتەوە کە پەکەکە بە تێرۆریست لەقەڵەمبدەن، بۆ نموونە لە پێش ڕووخانی ڕژێمی عێراق کۆنگرەیەك بەستراو بەیاننامەیەکیان دەرکرد کە تیادا پەکەکە بە تێرۆریست ناوی هاتبوو، بەڵام یەکێتی ئیمزای نەکردو لەسەریشیان کەوت، دەبێت بزانین ئەمەش هەیە..

**لڤین: داهاتووی پەکەکە چۆن دەبینێت؟**

محەمەد پێنجوێنی: من وایدەبینم ئەگەر کێشەی کورد لەسەر دەستی پەکەکە چارەسەر نەکرێت، مومکین نییە چارەسەربێت، ڕاستە حزبی تر بوونیان هەیەو کاردەکەن، بەڵام هێزی هەرەگەورەو کاریگەر لە کوردستانی تورکیادا پەکەکەیەو بەبێ زیادەڕەوی دەڵێم لەسەدا حەفتای کوردەکانی ئەو بەشەیان لەگەڵدایە. پەکەکە هەتا ئێستا (سەرەڕای گرتنی ئۆجەلانیش)، سەرەڕای ئەو هەموو شکستەی بەسەریشیاندا هات، سەرەڕای جیابوونەوەی عوسمان ئۆجەلان، گەورەترین هێزی سەر ساحەی کوردستانی تورکیایە. هێزی تر هەن، بەڵام گەر ڕاستت دەوێت ئەم هێزانە ناتوانن هیچ کاریگەرییەکیان هەبێت. با زوڵم لەو هێزانەش نەکەین، چونکە ئەوانیش خەباتیان هەیەو شەهیدیان هەیەو خەڵکی چاك‌و ڕۆشنبیریان لەگەڵدایەو کوردانێکی دڵسۆزن‌و من ڕێزم بۆیان هەیە، بەڵام ناتوانن کاریگەرییان هەبێت، نە لە ئەورووپا، نە لەناو تورکیاو نە لە چوارچێوەی کوردستانی گەورەشدا. کاکە ئێمە چووین بۆ ناو کوردەکانی سۆڤیەت لەهەر شوێنێك سێسەد ماڵی کوردی تێدابێت (پەکەکە) کۆمەڵێکی دروستکردووە بەناوی ماڵی کوردو ڕێکخستنی هەیەو کاری تێدادەکات. بەبڕوای من ڕۆژی کورد لە کوردستانی باکوورەوە هەڵدێت بەپێچەوانەی هەموو ڕۆژێکەوە، چارەسەری کێشەی کورد نەکرێت لە باکوور چارەسەری کێشەی کورد لە هیچ پارچەیەکی تری کوردستان ناکرێت. بەبڕوای من چارەسەری کێشەی کورد لەوێوە دەکرێت. لەسەر هەموو کوردێك پێویستە پاڵپشتی کوردی باکوور بکات بەپێی توانا، ئەگەر یارمەتیشی نادات با دوژمنایەتی نەکات.

**لڤين: وێنەی پەکەکە لێرە ناشرین بووە، فیگەری پەکەکە لێرە فیگەری حزبێکی منداڵرفێنو تێرۆرکەرو دیکتاتۆرە، ئەم وێنەیە تا چەندێک بەسەر پەکەکەدا دەچەسپێتو بۆچی ئەم وێنەیە لەسەر پەکەکە لێرە بڵاوە؟**

محەمەد پێنجوێنی: من دژی تێرۆرمو هەرکەسێك بیکات شتێکی خراپی کردووە، بەلاّم بەبێ لێدەرکردنو جیاکاری هەموو حزبێکی کوردی تێرۆری کردووە، کەمتازۆر حزبی کوردی نییە تێرۆری نەکردبێت، بەلاّم پەکەکە لەبەرئەوەی دوژمنەکانیان زۆرنو بەهێزنو زۆر شتیان دراوەتە پاڵ کە وانییەو رەنگە ئەوەیان نەکردبێت، بەلاّم پەکەکە زەبتو رەبتێکی تایبەتییان هەیەو حزبێکی بەزەبروزەنگو دیسپلینن، راستە ئەوان لێپێچینەوە دەکەن لەو کەسەی کە لێیان جیادەبێتەوە، بەلاّم ئەوان لە دوابڕیاردا گەیشتوونەتە ئەوەی کە هەرکەسێك لێیان جیادەبێتەوە تەنها تەجریدی بکەن لە ئەندامێتیو لە راگەیاندنەوە هێرشی بکەنە سەر، نەك تێرۆرکردنو شتی لەو بابەتە. ئەو تێرۆرانەی لێرە دەکرێن ئەوان دەڵێن ئێمە نینو رەنگە موخابەراتی تورکی ئەو کارانە بکات تا ئەو جیاوازییانەی نێوانمان قووڵتربکاتەوەو ئەگەر دەستیان بگاتە ئێمە" ئێمەش تێرۆر دەکەن. ئەوان بەم شێوازە پاساو بۆ خۆیان دەهێننەوە. ئەوان ئەو کارە تێرۆریستییانەی لێرە دەکرێن دەیدەنە پاڵ تورکیاو بۆیەشە لەناو شارەکاندا دەیکەن، چونکە دەستیان دەگاتە ئەوانەی دادەبەزنە ناو شارەکانەوە، بەلاّم بەهەرحاڵ تێرۆر هەرچۆنێك بێت شتێکی خراپە. کە پەکەکەش لێرە ناشرین کراوە ئەوە لە ئەنجامی شەڕەکەوە بوو، من بە برادەرێك کە لە راگەیاندنی یەکێتیدا کاریدەکرد وت" ئەوکارەی کە ئێوە لە راگەیاندنەکانتانەوە بە پەکەکەتان کرد بە حزبی بەعستان نەکرد، هەروەها ئەوانیش.

**لڤين: کۆمەڵێک رەخنەی تر هەن کە لێرە لە پەکەکە دەگیرێن، لەوانەش" ئەو رەخنانەن کە دەڵێن پەکەکە دژی خۆشەویستی کوڕو کچو مەیخواردنەوەو هاوسەرگیریی و چەند مافێکی تری ئاوایە کە مافی سەرەتایی هەموو ئینسانێکن، ئەمە بۆچیو پەکەکە چ پاساوێکی بۆ ئەم قەدەغەکردنانە هەیە؟**

محەمەد پێنجوێنی: من تێکەڵیانمو لەگەڵیان ژیاوم، ئەوەی دەبێتە کادر یان دەبێتە پێشمەرگە پاش ساڵێك پەروەردەیەکی فیکریيو سیاسییو سەربازییو رێکخراوەیی دەکرێت، ئەوانەی دێنە ریزی پەکەکە لەهەر شوێنێك بن ئەو پەروەردەیەیان هەیە" جا لێرە بن یان لە کوردستانی تورکیا یان لە ئەورووپا، بۆ ئەم مەبەستەش کادری سەرکردەییان هەیەو دێت پەروەردەیان دەکات، پاش ئەو ساڵە دەبنە ئەندامو سوێنددەخۆن، سوێند بە موقەدەساتی خۆیان دەخۆن، سوێند بە کوردستان، بە ئاپۆو خوێنی شەهیدانو گەریلای سەرچیا دەخۆنو دوای ئەم سوێندخواردنە ئینجا بەڕەسمی دەبنە ئەندامی پەکەکە. رێنماییەکانیش ئاوان: ژنهێنان قەدەغەیە، چونکە ژنهێنان دۆخێك دروستدەکات کە پێشمەرگایەتی زۆر ئەستەمدەکات، هەرچەندە حزبەکانی باشوور رێگەیان بە پێشمەرگە دابوو زەواج بکات، بەلاّم ئەوە کارەساتی گەورەی بەشوێنەوە بووو هەمووشمان شایەتی ئەوەین، تۆ کە ماڵو منداڵت نەبووو خەمی ئەوانت نەبوو ئازادتریتو باشتر دەتوانیت کارەکانت جێبەجێبکەیت، بەلاّم ئەوان بە کۆمەڵ خێزانێکن، تۆ کە دەبیتە گەریلا لە خێزانێکی بچووکەوە دەچیتە خێزانێکی گەورەتر. من جارێك لە بیقاع لە ئەکادیمیای عەسکەری مەعسوم کۆرکماز لە عەبدوڵلاّ ئۆجەلانم پرسی باشە بۆچی رێگە نادەیت ئەمانە بخۆنەوەو زەواج بکەن؟ ئەویش وتی کاکە ئەوەتا لە خوار ئێمەوە لە (بەرئیلیاس) شوێنێك هەیە کە شەرابو خواردنەوەی تێدا دروستدەکەن ئەگەر ئەم کوڕو کاڵانە بچن بخۆنەوەو زەواج بکەن ئەم ئەکادیمیایە دەبێتە دایەنگەو من هەموو ئیشوکارم دەبێتە منداڵ بەخێوکردن. لەوەپێش ئەگەر بیانزانیایە کە کوڕوکچێك سێکسیان کردووە بۆ سزادان تا پلەی کوشتنیان هەبوو، بەلاّم ئێستا ئەوە نەماوەو گەر شتێکی لەو بابەتە رووبدات ئەگەر کوڕەکە لە قەندیل بێت دەینێرن بۆ قەوقاز، لە ئەورووپا بێت دەینێرن بۆ قەندیل.

**لڤين: باشە ئەمە کوشتنی ئینسان نییە؟ ئەمە چییە جگە لە وێرانکردنی ئەو کوڕو کچانە؟! ئایا بەمشێوەیە نەتەوە دروستدەکرێت؟ من قایلم ئەوان نەهێڵن ئەو گەریلایانە منداڵ بخەنەوە، بەلاّم ئەی پەیوەندی سێکسیی کە یەکێک لە غەریزە هەرە رەسەنەکانی مرۆڤە، چی لێدەکەیت؟**

محەمەد پێنجوێنی: نا ئەوە وانییە، هەمیشە نەوەیەك قوربانی بەخۆی دەدات لەپێناو ئەو نەوانەی لە داهاتوودا دێن، نەوەیەك قوربانی بەخۆی دەدات بۆ دروستکردنی نەتەوەیەك، نەوەیەك هەیە قەناعەتی بەوە هەیە، ئەی چی لەو راهیبانە دەکەیت کە خۆیان دەخەسێنن؟! ئەوان دڵنیان لەوەی لەو دونیا پاداشت دەدرێنەوە. ئەمانیش قوربانی بەخۆیان دەدەن تا ولاّتێك رزگاربکەن، من زۆرجار لەگەڵ گەریلا کچەکاندا دانیشتوومو پێموتوون ئێوە بەنیازنین شووبکەن؟ ئەوان وەلاّمیان دەدامەوە کە ئێمە شوومان بەو شاخو داخە کردووە. فەلسەفەی ئەوان بەمشێوەیەیەو تا ئێستاش بەوشێوەیەیە، ئەگەر دووان هەر زۆر زۆر پەرێشان بن یەکێکیان دووردەخەنەوە، ئەگەر هەر چاریش نەبوو ئەوە پێیاندەڵێن کاکە خواحافیز. لیستی قەدەغەکراوەکان لەناو پەکەکەدا ئەوانەن: درۆکردن، خیانەت، خواردنەوەو زەواجو سێکسکردن. ماوتستی تۆنگیش فەلسەفەیەکی لەو شێوەیەی هەبوو کە مرۆڤێکی پاکژو کامڵ لە هەموو رووەکەوە دروستبکات، بەلاّم ئەمە شتێکی زۆر مەحاڵو دژوارە دەبینیت هەندێك لەوانە بەرگە ناگرنو هەڵدێن، بەناوی نەخۆشییەوە دێنەوە ناو شارو دەبینیت لە سەرچنار خەریکی خواردنەوەن، یان هەندێك لە کچەکان هەڵدێن لەبەرئەوەی شووبکەن.